دانانی لاپتاپ لەسەر رانەکان بۆ ماوەی کاژێرێک دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان



لاپتاپ بۆ نزیکەیی لە هەموو ماڵێکدا هەیە و ملیۆنان کەس لە ماڵ و ئۆفیسەکانیان بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان بەکاری دەهێنن، بەم دواییانەش بۆ قومار و شەوازی جیاواز بەردەست بووە، بەڵام لێکۆڵینەوە پسپۆڕان هۆشداری لە شەواز و چێنیەتیی بەکارهێنانی دەدەن.

یەکێک لە توێژینەوەکانی زانکۆی ئێکسفەردی بەریتانی دەریدەخات، دانانی لاپتاپ لەسەر رانەکان بۆ ماوەی کاژێرێک، دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان بۆ تێکڕای 2.7 پلەی سلیزی، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە: جووڵە و پێکهاتەی سپێرم تێکدەدات و دەشێت درێژخایەن توانای وێچەخستنەوە لاواز ببێت.

بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی نوێتری زانکۆی ستڕیت لە نیویۆرک ئەوەی دەرخستووە، گەرمی و تیشکە کارەموگناتیسیەکانی لاپتاپ هەکار دەبن بۆ لاوازبوونی توانای وێچەخستنەوە، کەمبوونەوەی کوالیتیی و جووڵەی سپێرمەکان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گونەکان.

یەفیم شێنکین، نووسەرێکی لێکۆڵینەوەکەیە و دەڵێت: ''ئەو فرێکوێنسیانەی لە لاپتاپەوە دێردێن،

خانەکانی سپەرم تێکدەدەن''.

هاوکات د. ئێلەکس ڕەبەز، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی خانمان لەبارەی کاریگەریی دانانی لاپتۆپ لەسەر سک لێنەو خانمان پێی وایە، گەرمییەکەی و تیشکەکانی دەشت پێکهاتەکانی هێلکەدانی خانمان تێکبدەن. بۆیە پێشنیاز دەکات، سەرینێک یاخود بەربەستێک لێنەوان ڕانەکان یاخود سک و لاپتۆپەکەدا دابنرێت.

ڕێنوێنیکارێکی تەندروستی هۆشداری دەداتە خانمان و دەڵێت: ''دانانی لاپتۆپ مەترسیەکی گەورەیان تووشدەکات، چونکە ئەو گەرمییەی لەوێی دەردەچێت زیان بە هێلکەکانیان دەگەیەنێت و لاوازیان دەکات''.